

# بنکەی پێشوازی گورچیلە- و دایەلیس · Njur- och dialysmottagning

## ئەرکەکانی گورچیلە ساغەکان
## De friska njurarnas funktion




ئەرکی سەرەکی گورچیلەکان دروستکردنی میز و پاککردنەوەی لەشە لەو مادانەی کە لەش پێویستی پێیان نیە.

Njurarnas huvuduppgift är att bilda urin och rena kroppen från ämnen som den inte behöver.




گورچیلەکان هاوسەنگی خوێیەکان و مادە گرنگەکانی تری ژیان لە لەشدا ڕادەگرن.

Njurarna reglerar balansen i kroppen av salter och andra livsviktiga ämnen.



سەرباری ئەوەش گورچیلەکان هاوبەشی دەکەن لە: بنیاتنانی کۆئەندامی ئێسکدا.

Njurarna deltar dessutom i att:
bygga upp skelettet



دروستکردنی خڕۆکەی سووری خوێن

bilda röda blodkroppar





ڕاگرتنی گوشاری خوێن و هاوسەنگی بنەڕەتیی ئۆکسجین لە لەشدا

reglera blodtrycket och kroppens syra-basbalans.

För info om symbollicenser: http://www.dart-gbg.org/licenser
Detta bildstöd är skapat via www.bildstod.se i samarbete med Dialys-mottagning 305 Östra Sjukhuset, Sahlgrenska Universitetssjukhuset

# بنکەی پێشوازی گورچیلە- و دایەلیس • Njur- och dialysmottagning

## دایەلیس
## Dialys





کاتێک گورچیلەکان وەک خۆیان کارناکەن، پێویستە خوێن بە یارمەتی فلتەرێک و ئامێرێکی دایەلیس پاککرێتەوە. چارەسەریەکە پێویستە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت لە ژیاندا بمێنێتەوە.

När njurarna inte fungerar som de ska, måste blodet renas med hjälp av ett filter och en dialysmaskin. Behandlingen är nödvändig för att du skall överleva.





چارەسەرکردن بە دایەلیس بۆ هەر کەسە و بەجیا دەگونجێنرێت و ئاساییترینیان پێدانی چارەسەریە هەفتەی سێ جار.

Dialysbehandlingen är individuellt anpassad och det vanligaste är tre behandlingar i veckan.



بۆ دەستکەوتنی خوێن دەمارێکی گەورەی خوێن لە باڵدا یان کاتێتێک بەکاردەهێنرێت.

För att få tillgång till ditt blod används ett stort blodkärl i armen eller en kateter.




هەموو جارێکی چارەسەری نزیکەی چوار کاژێر دەخایەنێت، بەڵام ڕەنگە جیاوازی تێکەوێت.

Varje behandlingstillfälle tar ungefär fyra timmar, men det kan variera.



لە میانەی پێدانی چارەسەریەکەدا دەکرێت لەسەر کورسیەکی تایبەت یان قەرەوێڵەیەک دانیشیت یان پاڵکەویت، هاوکات دەتوانیت ئیسراحەت، سەیری تەلەفزیۆن بکەیت یان کتێبێک بخوێنیتەوە.

Under behandlingen kan du sitta eller ligga i en speciell stol eller säng, samtidigt som du vilar, tittar på TV eller läser en bok.